دەستەی دەستپاکی عێراق و هەرەم دەست بە لێکۆڵینەوەی هاوبەش دەکەن لە دزینی سامانی گشتیی

حەیدەر حەنون، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی عێراق ڕایگەیاند، ڕێشنووسی ڕێککەوتنێک بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دەستپاکی هەرەمی کوردستاندا هەیە، ئەویش بەو پێیەی کە دەستەی دەستپاکی فیدراڵی سەرپەرشتی سەرجەم پارێزگاکان و ئاشکراکردنی سامانی سەرجەم بەرپرسان و فەرمانبەرانی پلە باڵا دەکات.

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی عێراق ئەوەشی خستەڕوو کە هەوڵکانیان بە گەڕاندنەوەی دەیان داواکراو لە وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتی تورکیا بەردەوامن.

حەیدەر حەنون ئاماژەی بەوەدا بەوەی 101 داواکراو بە تورکیا هەڵهاتوون و بەمزووانەش گەڕاندنەوەی ملیۆنێک و 500 هەزار دۆلار و نزیکەی ملیارێک دینار ڕادەگەیێنن کە بەمدواییە گەڕێندراونەتەوە بە عێراق.